# چەمکەکانی نادیاری لە زمانی کوردیدا

**د. بابارەسووڵ نوری ڕەسووڵ**
**زانکۆی سەڵاحەددین**
**کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە**

**پێشەکی:**

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (چەمکەکانی نادیاری لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی دیاردەی نادیاری لە زماندا بەشێوەیەکی زانستی، تاکو ڕووە شاراوەکانی ئەم بابەتە دەربخرێ. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم بابەتە لە زمانی کوردیدا زۆر بە کەمی باسکراوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیشی لەسەر نەکراوە، ئەگەر باسیش کرابێت زۆر بە ئاڵۆزی باسکراوە و لەگەڵ دیاردەی تەمومژی تێکەڵکراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی سنورێک لە نێوان ئەم دوو بابەتە زمانییە (نادیاری و تەمومژی) دیاریبکات. باسکردنەکەش، زیاتر لەڕووی ڕستەسازی و واتاسازییە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکەش، جگە لەم پێشەکییە کورتە و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی بابەتەکە، لە دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، باس لەم بابەتانە کراوە: (زاراوە و چەمک و پێناسەی نادیاری، هۆیەکانی پەنابردنە بەر نادیاری، سوودی نادیاری، ڕێگای زانینی نادیاری، نادیاری و تەمومژی، جۆرەکانی نادیاری، ڕەمزو نادیاری، نادیاری و تابوو).

لە بەشی دووەمدا، بەدرێژی باس لە ڕێگاکانی سازکردنی نادیاری کراوە.

## بەشی یەکەم / ناساندنی نادیاری

١.١: دەروازە: هەموو مرۆڤێک بەو ژمارە فۆنیمە سنوردارەی، کە لە زمانەکەیدا هەیە، دەدوێت و قسە دەکات و دەربڕینەکان دەردەبڕێت و لە دوایشدا، بەهۆی نووسینەوە تۆماریان دەکات. هەمووشمان دەزانین بە لێکدانی فۆنیمەکان، بڕگەو مۆرفیم دروست دەبێت و بە لێکدانی مۆرفیمەکانیش وشە دروست دەبێت و بە وشەیەک یان زیاتر لە وشەیەک گرێ دروست دەبێت و بەدوو گرێ یان زیاتریش ڕستە دروست دەبێت، بە لێکدانی ڕستەکانیش دەق و ئاخاوتن دروست دەبێت. ئەم کارەش بە کەمترین کات و کەمترین وزە لەلایەن مرۆڤەوە جێبەجێ دەکرێت، چونکە مرۆڤ مەبەستییەتی ئەو پەیامەی لە ناخیدایە بە کەمترین کات و کەمترین وزە بگەیەنێتە بەرامبەرەکەی، بەمەش ئابووریکردن لە زماندا دێتە ئاراوە، هەر بۆیەش زۆربەی ڕستەکان و دەربڕینەکان، کەم یان زۆر چەمکی نادیارییان تێدایە.

ئابووری کردنیش لە زماندا، مرۆڤ ناچار دەکات بەوەی هەندێک کەرەستەو بیرۆکە دەرنەبڕێت، ئەم دەرنەبڕین و بەدیار نەکەوتنەش بەزۆری لە ئاستی سەرەوەدایە، بەڵام هەندێ جاریش ئەم دەرنەبڕینە لە ئاستی سەرەوەو ژێرەوە دایە، لەم بارەشدا نادیاری دێتە ئاراوە. جا لێرەدا، دەگونجێ بڵێین دەشێ چی لە ئاستی سەرەوەدا بەدیار نەکەوێت؟

دەگونجێ لە ئاستی سەرەوەدا، واتا یان فۆرم یان مەبەست بەدیارنەکەوێت لە هەندێ باردا ئەم بەدیارنەکەوتنە نادیاری دروست دەکات، وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

١- دەرنەکەوتنی واتاو مەبەست لە ئاستی سەرەوەدا: بوونی دیاردە واتاییەکانی وەک میتافۆرو خوازە و خواستن و... هتد، وای کردووە هەموو واتاکان و مەبەستەکان لە ئاستی سەرەوەدا بەدیارنەکەون و واتای ڕستە یان دەق یەکسان نەبێت بە واتای فەرهەنگی ڕێزمانی دەربڕینەکان.

ئەم نادیاریەی واتاش لە هەندێ باردا، لە ئەنجامی ئەوەوە دێ، کە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، یان ئایینی، قسەکەر، نووسەر نایەوێ بە زەقی و بە ئاشکرایی و ڕاشکاوی خۆی لە هەندێ لایەنی واتایی کەرەسەیەک بدات. ئەم شاردنەوەیەش، بە زۆری لە باسی نەخۆشی و جنسدا دەبینرێ (بەکر عومەر علی: ٢٠٠٠، ٥٠)، وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

لە گوێی گادا نوستووە.

دەردەکەیەتی.

چاو لەدەرە.

دڵ تەڕە.

دەگونجێش بەهۆی دیاردەی (توانج پۆشی)یەوە، واتاو مەبەست نادیاربێت، هەروەک ئەم دێرە هۆنراوەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە دەڵێت:

میوانی بووم نان و کەرەی نایە بەردەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم

لێرەدا (شێخ ڕەزا) دەزانێ مەبەستی لە (مەمنوونی ئەو کەرەم) چییە، بەڵام لای کەسانی تر ئەو مەبەستە نادیارە، (موکەرەم تاڵەبانی: ٢٠١٠، ٧٥).

٢ـ دەرنەکەوتنی فۆرم: دەگونجێ لە دەربڕین و نووسیندا، فۆنیم، مۆرفیم، وشە، گرێ، ... هتد، بەدیار نەکەوێت و نادیاربێت، هەروەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

أ ـ دەرنەکەوتن و دیارنەبوونی فۆنیم: دەگونجێ فۆنیم دەرنەکەوێت، وەک: من (بزرۆکە دەرنەکەوتووە)/ نەزۆک (نە + زێ + ۆک) واتە (ێ) دەرنەکەوتووە/.... هتد.

ب ـ دەگونجێ مۆرفیم دەرنەکەوێت، وەک:

هات (جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە ئەرکی بکەر بەدیار نەکەوتووە)

بخۆ ((مۆرفیمی (ە) بەدیار نەکەوتووە))

وەرگرە ((مۆرفیمی (بـ) بەدیار نەکەوتووە))

نارد ∅ م (جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لە ڕۆلی بەرکار بەدیار نەکەوتووە)

پ ـ دەگونجێ ئامراز بەدیار نەکەوێت، وەک:

دڵم لای پێشمەرگەیە ((ئامرازی پەیوەندی (لە) بەدیار نەکەوتووە)

ت ـ دەگونجێ وشەو گرێ و پارستەو ڕستە بەدیار نەکەوێت، وەک:

کەوەکە دەخوێنێت ((لێرەدا وشە بەدیار نەکەوتووە)

نە پێڵاوی تەنگ، نەماڵی بەجەنگ (لێرەدا گرێی کاری بەدیار نەکەوتووە).

لە هەندێ باریشدا، ئەگەر وەڵامی ڕستەی پرس بە (بەلێ، نەخێر) بێت، ئەوا گرێی ناوی و گرێی کاری بەدیار ناکەوێت، وەک:

ئەمڕۆ چوویت بۆ زانکۆ؟

ـ بەڵێ

لەم دەقەدا فۆرمی (ئەمڕۆ چووم بۆ زانکۆ) بەدیار نەکەوتووە.

## ١ـ٢: زاراوە و چەمک و پێناسەی نادیاری (المبهم ـ Vagueness): نادیاری

ناوێکی واتاییە و لە (پێشگر + ئاوەڵناو + پاشگر) دروستبووە، کە بەرامبەر فۆرمی (Vagueness)ی ئینگلیزی و فۆرمی (مبهم)ی، عەرەبی دێن. وشەی (مبهم)یش، ناوێکی بەرکارییەو لە وشەی (الابهام) وەرگیراوە، کە بەواتای (بزر و نادیار و پەنهان) دێت (حنیف بن حسن القاسمی: ؟ ، ٣٥). لە فەرهەنگە کوردیەکانیشدا وشەی (مبهم) بە واتاکانی وەک: (نادیار، تەماویی و نارۆشەنبوو، ناڕوون، شاراوە، نەپەنی، نهێن،...) هاتووە. (هەژیر عەبدوڵڵا پوور، ٢٠٠٧، ١١٣٣)، (رزگار کەریم: ٢٠١٠، ١١٧٥) نادیاری ئەوەیە، کە لە قسەکردندا، یان لە نووسیندا، ناوی کەسێک یان شتێک، یان ژمارەیەک، یان کاتێک، یان شوێنێک، یان سیفەتێک نەبەیت و ئاماژەی پێنەکەیت لەبەر هەر هۆیەک، زیاتریش وشەو زاراوەکانی وەک (کەسێک، شەوێک، شارێک، وەها، هین،... هتد). بەکاردێت.

چەمکی نادیاری چەمکێکی زۆر فراوانە لە توێژینەوە کوردییەکاندا، زیاتر هەر لەچوارچێوەی (بکەر نادیاری، جێناوی نادیار، ئاوەڵناوی نادیار) باسکراوە و پێناسەی بۆ کراوە،

لە هەندێ باریشدا، تێکەڵ بە لێڵی و تەمومژی کراوە، هەر بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەدا، جگە لەم چوارچێوانە، بەفراوانی لە لایەنەکانی تریش بدوێین، چونکە دەگونجێ دانەی زمانی وەک: فۆرم، واتا، مەبەست،... هتد، نادیاربن.

<< دیار >> کۆی ئەو سیستەمە ئاشکراو پەیوەندییە دەستنیشانکراوانەیە، کە لەپێش چاو لاناچن و زانراون، دیار زانراوێکە، نەزانراوەکان لەبیر دەکات و ئیخفالی عەقل دەکات. دیار سەرجەمی ڕووبەرە دۆزراوەکانە. (بەختیار عەلی: ٢٠١١، ١١ ـ ١٢).

<< نادیار* >> ئەو زەمەنەیە، کە دەبێت تیایدا بۆ واتاکانی تازەگەری بگەڕێین. نادیار جیهانێکە تایبەتمەندی شتەکان تیایدا دیار نییە. نادیار شوێنێکی تاریکە، سنووری واتاکان تیایدا تێکەڵاوە و سنووری دیاردەکان و کایەکان تیایدا ونە. (سەرچاوەی پێشوو: ٤٢).

<< دیار >> کۆی ئەو زانیاری و مەعریفە پێویستەیە، کە دەربارەی دەقەکان و فەرهەنگەکەمان و دونیا پێدراوەکەمان نایزانین (سەرچاوەی پێشوو: ٤٨).

دەگونجێ << نادیاری دیار >> یش، لەڕووی ڕێزمانییەوە بوونی هەبێت، وەک: (کابرا بە دەستی ئەو کوژرا). لەم ڕستەیەدا، کاری ڕستەکە لە شێوەی بکەر نادیارە، بەڵام بکەر بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە، کە وشەی (ئەو)ە.

نادیاری: نەدرکاندن و نەگوتنی ناوێکە یان ژمارەیەکە یان کاتێکە یان شوێنێکە. (صدیق احمد مالک: ١٤٢٦ هـ : ٩).

دیاردەی نادیاری لە قورئانی پیرۆزیشدا، زۆر بەرچاو دەکەوێت، وەک: خوای گەورە لەئایەتی پێنجەمی سوڕەتی (النجم ـ ئەلنەجم)دا، دەفەرمووێت: (علمه شديد القوى)، لەم ئایەتەدا، جێناوی (ە) لە وشەی (علمه) مەبەست لێی (جبریل)ە، کە نادیارە و ناوی (جبريل) نەهاتووە. (ئەحمەد کاکە مەحموود: ٢٠١٢، ٨٣٤). یان خوای گەورە دەفەرمووێت (انا انزلناه فى ليله مباركه) (ئایەتی سێ لە سوڕەتی دوخان) مەبەست لەو شەوە، شەوی پیرۆزە، کە کاتەو نادیارە، (سەرچاوەی پێشوو: ٧٨٢).

هەروەها دەربارەی ژمارەی یارانی ئەشکەوتیش، ژمارەیەکی دیاریکراو ڕوون نییە و ژمارەیان بەنادیاری ماوەتەوە، چونکە هەندێک دەڵێن سیانن و چوارەمیان سەگەکەیە، هەندێکی تر دەڵێن پێنجن و شەشەمیان سەگەکەیانە، هەندێکی تر دەڵێن حەوتن و هەشتەمیان سەگەکەیانە (ئایەتی بیست و دوو لە سوڕەتی کەهف) (ئەحمەد کاکە مەحموود: ٢٠١٢، ٤٨٧) یان بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەقێکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین:

((کاتێک ئەوێیان کیمیابارانکرد، من لە سلێمانی بووم، بۆ بە سەلامەت دەرچووم، بەڵام کەس و کارەکانم زۆربەیان لەناوچوون)) دەبینین چەندین نادیاری تێدایە، لەوانە:

١ـ نادیاری کات: هەموو کەسێک نازانێ کەی کیمیابارانکراوە، کە ڕێککەوتی (١٩٨٨/٣/١٦)ە.

٢ـ نادیاری شوێن: شوێنەکەش نادیارە، کە (هەڵەبجە)یە.

٣ـ (من) کە قسەکەرە، نادیارە و نازانرێ کێیە؟ ژنە؟ پیاوە؟ ئازادە؟ سازگارە؟... هتد.

٤ـ (کەس و کارەکانم) نادیارە، چونکە نازانرێ ژمارەیان چەندە و نازانرێ و کێ و کێ بوونەو پلەی خزمایەتیان لە قسەکەرەوە چۆن بووە؟

٥. (زۆربەیان) فۆرمی نادیارە و نازانرێ ژمارەیان چەند کەس بووە؟

لەلای زمانەوانە ئینگلیزییەکانیشدا، نادیاری (Vagueness)، بەچەند جۆرێک پێناسەکراوە، لەوانە:

بە پێی ((Dictionary.com)) نادیاری بریتییە لەهەر دەربڕینێک، کە بە ناڕوونی و نائاشکرایی بێ.

به پێی ((the free dictionary)) نادیاری بریتییه له:

١. ناڕوونی له ماناو دەربڕیندا.

٢. بیرکردنەوە و دەربڕینی تاک به ناڕوونی.

٣. لەدەست دانی شێوە و فۆرم یاخود تایبەتمەندی خۆی.

٤. هەستکردن و تێگەیشتن و بیرکردنەوە به ناڕوونی.

به گوێرەی (concise oxford English oictinory) نادیاری بریتییە لە ناڕوونی لەبیرو دەربڕیندا، (vagua)، کە ئاوەڵناوە و بە واتای نادیاری یان تایبەتمەندی نەناسراو یاخود مانایەکی ناڕوون دێت. (plato.stanford.edu).

۳.۱: هۆیەکانی پەنابردنە بەرنادیاری: دەگونجێ لەناو دەقدا، یان له قسەکردندا، به پێی کات و کەس و شوێن و بارو زروف و هەڵوێستەوە، پەنا بۆ دیاردەی نادیاری ببردرێت، هۆکارەکانی پەنابردنەبەر ئەم دیاردەیەش به پێی جۆری دەق و کات و شوێن و جۆری کەسی قسەکەر و گوێگرەوە، له بارێکەوە بۆ بارێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە هۆکارەکانی پەنابردنەبەر نادیاری له دەقی قورئان جیاوازە لە هۆکارەکانی پەنابردنەبەر نادیاری لە دەقێکی تری وەک چیرۆک یان ڕۆمانێکی ئەدەبی یان... هتد. بەڵام دەگونجێ بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی پەنابردنەبەر نادیاری لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتبکەینەوە:

١. ترس و لێپرسینەوە، یا خۆ بەدوورگرتن له کێشە، نەوەک ئازارت بدەن، یان خەڵک ئازاری بدەن، یان لەبەر خۆشەویستی کەسێک پەنا بۆ نادیاری دەبەیت.

٢. زۆرجار لەبەر ڕوونی و ئاشکرایی یان لەبەر ناسراوی زانینەوە پەنا بۆ دیاردەی نادیاری دەبرێت، بۆ نموونە خوای گەورە لە ئایەتی (٣٥)ی سورەتی بەقەڕەدا، دەفەرموویێت: (گوتمان: ئەی ئادەم! خۆت و هاوسەرەکەت لە بەهەشتدا نیشتەجێبن) لێرەدا هاوسەرەکەی مەبەستی (حەوا)یە، کە ناوی نەهێناوە، چونکە ئاشکراو ڕوونە. (ئەحمەد کاکە مەحموود: ٢٠١٢، ١٣). یان دەوترێ (هەڵەبجە کیمیابارانکرا). لای هەموو خەڵکی ڕوونە کێ هەڵەبجەی کیمیابارانکردووە.

٣ـ درکاندنی نادیارییەکە لە شوێنێکی تری هەمان دەق ناوی دەهێنێ و ڕوونیدەکاتەوە، بۆ نموونە خوای گەورە لە ئاشتی شەشی سورەتی (فاتیحە)دا، دەفەرموویێت ڕێگەی ئەوانە بگرن کە نازو نیعمەتی خۆمیان بەسەردا ڕشتوون، بەبێ ئەوەی جۆری کەسەکان ناو ببات. (سەرچاوەی پێشوو: ٢)، کەچی لە ئایەتی شەست و نۆی سورەتی (نیساء)دا، جۆری کەسەکان دەبات و دەفەرموویێت کەسەکان بریتیین لە پەیامبەران و ڕاستگۆیەکان و شەهیدانی ڕێگەی خواو پیاو چاکان. (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٥).

٤. یان هەندێک دیاردەی نادیاری بەهۆی دیاردەی کرتاندنەوە دێتە ئاراوە، کە مەبەست لێی ئەوەیە قسەکەر بە کەمترین کەرەسە مەبەستەکان بگەیەنێت.
٥. یان لە هەندێ باردا، هەندێ کەرەسە یان ناو نادرکێنرێ، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر بریندار نەکرێ و توشی شۆک نەبێت.
٦. لە هەندێ باریشدا، نادیاری لەبەر ئەوەیە، کە درکاندنی وشەکە یان شتەکە شتێکی زیادەو سوودی نییە.
٧. لە هەندێ باری تریشدا، لەوانەیە بوونی دیاردەی نادیارییەکە بۆ ئەوەبێت، کە گوێگر زیاتر بیربکاتەوە و بەدوای شتی تردا بگەڕێت و شتی تر فێربێت.
٨ـ هەندێک جار پێوەندی بەهۆکاری شاردنەوە هەیەو قسەکەر دەیەوێت گوێگر ئەو شتە ئەزانێت، واتە قسەکەر بە مەبەست نایەوێت گوێگر بیزانێت.
٩. هەندێک جاریش بەڕاستی پەیوەندی بە نەزانینەوە هەیە و شتەکە نەزانراوە.
١٠ـ هەندێک دیاردەی نادیاری هەیە، بە مەبەستی گەورەکردن (تعظیم)ە، بۆ نموونە خوای گەورە لە ئایەتی سی و سێی سورەتی (ئەلزەمر)دا، وەسفێکی تەواوی (ئەبوبەکری سەدیق) دەکات و گەورەی دەکات، بەڵام ناوی ناهێنێت و دەفەرمووێت: (ئەوەی هاتووە بە ڕاستگۆیی و...) (صدیق احمد مالک: ١٤٢٦ هـ : ٢١).
١١ـ یاخود بە پێچەوانەوە، هەندێک دیاردەی نادیاری پێوەندی بە کەمکردن و ڕیسواکردن (تحقیر)ەوە هەیە، بەوەی کە وەسفێکی کەمی دەکات بێ ئەوەی ناوی ببات، بۆ نموونە خوای گەورە لە ئاستی سێی سورەتی (کەوسەر)دا، دەفەرمووێت: (هەر دژو ناحەزەکەت بەتۆی دەگوت وەجاق کوێرە و دابڕاو و بێ ناونیشانە، نەک تۆ). لێرە مەبەست لێی (عاسی کوڕی وائیل)ە، بەڵام ناوی نەهێناوە بۆ ریسواکردنی. (ابن کثیر: ١٤٠٧ هـ : ٥٦٠)، (صدیق احمد مالک: ١٤٢٦ هـ : ٢٢).

**١ـ٤: سوودی بوونی نادیاری لە قسەکردن و نووسیندا:** بوونی دیاردەی نادیاری لە قسەکردن و نووسیندا، گەلێک سوودی هەیە، لەوانە:
١. کورتبڕی و کەم سەرفکردنی کات و وزەی تێدایە.
٢. خۆپاراستنە لەوەی کە خەڵکی ئازارت نەدەن، یان خەڵکی تر ئازار بدەیت.
٣. بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە دڵی بەرامبەرەکەت بچێنی و برینداری نەکەیت.
٤. بۆ گەورەکردنی کەسانی خۆشەویست و سوککردن و ڕیسواکردنی کەسانی ناحەزو خراپ.
٥. خوێنەر و گوێگر هاندەدات بۆ ئەوەی زیاتر بەدوای بابەتەکە بکەوێ و زیاتر زانیاری نوێی دەست بکەوێت، بەمەبەست وردبوونەوەی زیاتری دەبێت و وای لێ دەکات بەدواداچوون بۆ بابەت و مەسەلە نادیارەکان بکات.
٦. داپۆشینی کەموکوڕی.

**٥-١: جۆرەکانی نادیاری:** نادیاریش وەکو زۆربەی بابەتە زانستی و زمانییەکانی تر، بەگەڵێ شێوە پۆلین کراوە و جۆرەکانی دیاریکراون، لەوانە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١ـ نادیاری زانراو نادیاری نەزانراو: نادیاری نەزانراو ئەو جۆرە نادیارییەیە، کە ناکرێ و ناگونجێ بە دوایدا بگەڕێین و لێی بکۆڵینەوە و بیزانین، بۆ نموونە هەندێ نادیاری لە قورئانی پیرۆزدا هەیە، ناکرێ بیزانین، شتی شاراوە و نهێنین و تەنیا خودا دەیزانێت، بۆ نموونە: (کەی دەمرین؟ لە کوێ دەمرین؟ هەروەک خوای گەورە دەفەرموویت: (کلیلی گشت گەنجینەکانی غەیب، تەنها لای خوایە،... هتد). (ئەحمەد کاکە مەحموود: ٢٠١٢، ٢٤١). بەڵام هەندێک نادیاری تر هەیە، دەگونجێ بەدواداچوونی بۆ بکەین و بیزانین. (http://webcache.google.eusercontent).

٢- نادیاری بەمەبەست و نادیاری بێ مەبەست.

٣- نادیاری فۆرمی (ڕێزمانی) و نادیاری واتایی.

٤ـ نادیاری نادیار و نادیاری دیار، مەبەست لە نادیاری دیار ئەوەیە کە کاری ڕستەکە لە شێوەی بکەر نادیارە، بەڵام بکەرەکە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە.

**٦ـ١: ڕێگاکانی زانینی نادیاری:** بەپێی جۆری نادیارییەکەو جۆری دەق و دەربڕینەکان دەگونجێ هەندێک نادیاری دیاربخرێت و بزانرێت، بۆ نموونە نادیارییەکانی ناو قورئانی پیرۆز بەخودی قورئانەوە دەزانرێ و دیار دەکرێ، بەوەی کەوا لە شوێنێکی تر نادیاریەکەی ڕوونکردۆتەوە یان ناوی هێناوە. یان بەهۆی فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە (د. خ) دیارکراوە، یان بەهۆی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە دیارخراوە. (صديق احمد مالك: ١٤٢٦ هـ : ١٣) لە دەقی ئاسایدا، زیاتر بەهۆی دەوروبەرەوە دیار دەکرێ، ئینجا بە هۆی دیارخەرەکان و ئاوەڵگوزارەکان بێت یان بەشێوەکی گشتی بەهۆی سەربارەکان بێت، یان لەڕێگەی کەلتورو زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگر نادیارەکە دەزانرێ و دیار دەخرێ، یان نادیاریەکە بە تێپەڕبوونی کات بەهۆی کەسانی ترەوە دیار دەبێت.

هەروەها ڕیزبوون و ڕێکی کەرەسەکانی ڕستەو دەق لە دەربڕین و نووسیندا و بوونی یەکێتی بابەت لە بابەتەکاندا وادەکات نادیاری چارەسەر بکرێ.

**٧-١: لێڵی (تەمومژی) و دیاردەی نادیاری:** لێڵی و نادیاری دوو دیاردەی زمانین و زۆر لەیەک نزیکن، لێک نزیکییەکە بە جۆرێکە زۆر لە زمانەوانان تێکەڵیان کردوون و بەیەک شتیان داناون و پێیان وایە دوو وشەی هاو واتان چونکە لەڕووی واتاییەوە، هەردووکیان بەواتای ناڕوونی و نائاشکرایی دێن. بەڵام ئەگەر هەندێک بەووردی لێیان بکۆڵینەوە و لێیان وردبینەوە دەبینین سنوورێکی لاواز و باریک لە نێوانیاندا هەیە، کەوا لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:

١ـ تەمومژی (Ambiguity) بەوە وەسف دەکرێت، کە زیاتر لە واتایەکی جیاوازی هەیە، (ریچاردز و ثميدت) لە فەرهەنگە زمانەوانییەکەیاندا (تەمومژی ambiguity) یان وا پێناسە

کردووە، کە هەر وشەیەک یان گرێیەک یان ڕستەیەک ئەگەر زیاتر لەمانایەکی بەخشی، ئەوا بە تەمومژی لە قەڵەم دەدرێت و ئاماژە بەدوو جۆر تەمومژی دەکەن، کە ئەوانیش بریتیین لە تەمووژی ڕێزمانی و تەمومژی واتایی. (Richrds and Schmidt: ٢٠١٠. ٢٤).

بەڵام ڕستەی نادیاری (Abague Sentence) بواری ئەوە دەدات، کە زنجیرەیەک ئەگەری لێکدانەوەی بێ سنووری هەبێت. (صباح رشید: ٢٠٠٠، ٣١) بۆ نموونە لە ڕستەی (ئازاد شیرەکەی نەکڕی)دا، وشەی (شیرەکە) تەمومژی دروست کردووە و نازانرێ شیری خواردنەوەیە، یان شیری وەک چەک بۆ شەڕکردن. لە سەرێکی ترەوە لەم ڕستەیەدا، چەندین نادیاری هەیە، بۆ نموونە:

أ - (ئازاد) تەنیا لای قسەکەر و گوێگر دیارە و دەزانرێ کێیە، لای کەسانی تر، ڕوون نییە (ئازاد) کێیە؟

ب - ئەی ئازاد چی کڕیوە؟

پ - ئەی کێ شیرەکەی کڕیوە؟

ت - ئەی ئازاد چی لە شیرەکە کردووە؟

ج - ئازاد کەی شیرەکە نەکڕیوە؟ ئایا دواتر کڕیویەتی؟

یان ئەگەر لە ڕستەی (قەڵای هەولێر کۆنترین قەڵایە.)دا، وشەی (کۆنترین) تاوتوێ بکەین، دەبینین چەند شتێکی نادیار بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە ئایا (کۆنترین) لە قووڵایی مێژوو چەند دەگرێتەوە و یەکەم دەستپێکردنی کۆن لە کوێوە دەستی پێکردووە؟

کۆنترین بە گوێرەی هەموو جیهانە؟ یان تەنیا بە گوێرەی مێژووی ڕۆژهەڵاتە.

یان ئەگەر سەیری ڕستەی (ئەو پێش ڕووداوەکە هاتبۆوە) بکەین، دەبینین چەندین نادیاری تێدایە، لەوانە:

(ئەو): کێ یە؟

(پێش): مەبەست لە (پێش) کەیە؟ چەند دەقەیەکە؟ چەند هەفتەیەکە؟ چەند... هتد؟

(ڕووداوە): کام ڕووداوە؟ ڕووداوەکە چییە؟

٢- لەڕووی جۆرەوە جیاوازیان هەیە، بەوەی تەمومژی چەند جۆرێکی هەیە، وەک (تەمومژی ڕێزمانی، تەمومژی فەرهەنگی، تەمومژی واتایی)، بەڵام نادیاری جۆری تری هەیە، کە لە تەوەرەکانی پێشوو باسمان لێوەکردووە.

٣- تەمومژی زیاتر بۆ واتای ناسک و وردو خۆش و جوانە، بەڵام نادیاری یان بۆ خۆ پاراستنە یان ڕق و کینەیە یان بۆ گەورەکردنە. (سعدی سعدون: ٢٠١٢، ٧).

٤- چارەسەرکردنی لێڵی ئاسانترە لە چارەسەرکردنی نادیاری، چونکە هەندێک نادیاری هەیە نازانرێ و ناتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین.

٥- تەمومژی بە زۆری دوو ئەگەر دەگەیەنێت، بۆ نموونە، کە دەڵێین (شیرەکەم کڕی)، ئەوا یان (شیری خواردنە) یان (شیری چەکە)، بەڵام کە دەڵێین (پیاوی وەهام نەدیوە)، ئەوا وشەی (وەها) چەندین ئەگەری تێدایە، بۆ نموونە (وەها) مەبەستی سیفەتی باشە یان خراپە؟ ئەگەر

مەبەستی سیفەتی (خراپ) بێت، پیاوەکە لە چ ڕوویەکەوە خراپە؟ درۆزنە؟ دزیکەرە؟ دووزمانە؟ دووڕووە؟ پیاوکوژە؟... هتد).

**٨-١: ڕەمزو نادیاری:** ڕەمز، کە (بریتییە لە وشەیەک یان دەربڕینێک، کە واتای فەرهەنگی خۆی دەبەزێنێ و بۆ واتایەکی تر بەکاردێت.) پەیوەندییەکی پتەوی بە نادیارییەوە، چونکە بوونی ڕەمز لە دەقدا نادیاری دروست دەکات، هەروەها پەنابردنە بە ڕەمزیش بە مەبەستی شاردنەوەی مەبەستی قسەکەر و نووسەرە بۆ خۆپاراستن، لەسەرێکی ترەوە ڕەمزیش بەهۆی بوونی ترس و تۆقاندن یان بەهۆی بوونی سانسۆری کۆمەڵایەتییەوە بەکاردەهێنرێت.

وشەی (کەر) ئاماژە دەدات بە وێنەی زەینی گیانلەبەرێک لە جیهانی دەرەوەدا، بەڵام خودی ئەو مەدلوولە دەتوانێت ببێت بە دالی مەدلوولێکی تر، کە ئەویش مرۆڤ گێل و تێنەگەیشتووە. (کامەران ئیبراهیم: ٢٠١١، ٨٧) بەمەش نادیاری دێتەکایەوە.

یان زۆرجار پاڵەوانی چیرۆک یان ڕۆمان یان نوکتە بەڕەمز دەردەبڕدرێت و نادیاری دروست دەکات، وەک: (هەولێریەک، خۆشناوێک،...)

**٩-١: تابوو و نادیاری:** تابوو لە زماندا، هەموو ئەو وشەو زاراوە و دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ ناتوانێت بە ئازادی لەناو کۆمەڵگادا بەکاریان بهێنێت، چونکە لەگەڵ سروشت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ناگونجێت، یان بەهۆی ترسەوە ناتوانرێت بگوترێت یان بنووسرێت، ئینجا ئەو وشەو زاراوانە وشەی سێکسین یان ئاینین یان زاراوەی نەخۆشین، ئەم نەگوتن و نەنووسینەش زۆرجار نادیاری دروست دەکات.

**١٠-١: نادیاری وشاردنەوەی تاوانەکان:** زۆرجار مرۆڤەکان لە ئاخاوتندا، یان لە نووسیندا، بەمەبەست یان بەبێ مەبەست پەنا بۆ دیاردەی نادیاری و تەمومژی دەبەن، بەڵام کاتێک بە مەبەستەوە بەکاریان دەهێنن، ئەمە مەبەست لێی شاردنەوەی بابەتێکە یان تاوانێکە، هەر بۆ ئەمەش ئەو کەسەی ستراتیژی نادیاری بەکاردەهێنێت، دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر چالاکبوونەوە و بەستنەوەکانی هزری قسەکەردا.

لە زمانی کوردیدا، نادیاری بەهۆی جێناوە لکاوەکانەوە تا ڕادەیەک کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، لە چەندین جێکەوتەدا، نادیاری واتایی دروست دەبێت، وشەو مۆرفیمەکانی وەک (ئەو، ئەو شتە، هین، فلان، کەسێک،...)، نادیاری لە کردەی هاندانا دروست دەکەن، بۆ نموونە کە دەگوترێت (کەسێک ئەو سەگە هارە بکوژێت.)، (گەر فلان بمردایە و نەمایە، ئێمە کارەکانمان باش دەبوو.) نادیاری بەهۆی (کەسێک)، (فلان) دروستبووە.

لە هەندێ باریشدا، بەکارهێنانی نادیاری لە دەربڕیندا، باشترە لە درۆکردن و خۆلادان لە هەقیقەت، چونکە زۆرجار قسەکەر لەڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکەوە، کە یەکێک لە تەکنیکەکان نادیارییە، دەتوانێت هەقیقەت بگوازێتەوە کە زۆر کاریگەرتر و بە ئامانجبەخشترە، بۆ نموونە

لەبری (گوێم لێبوو، بەچاوی خۆم بینیم،...) دەتواژەكانی وەک: (بیستم، بۆیانگێڕامەوە، بەباشی ئەمبینی،...) بەكاردەهێنێت، بەمەش قسەكەر دەتوانێت بەجۆرێک لە جۆرەكان خۆی لەبەرپرسیارێتی وەک شایەت بدزێتەوە. (ئاڤێستا كەمال: ٢٠١٥، ٣٣١).

## بەشی دووەم: شێوازو ڕێگاكانی دروستبوونی نادیاری

ـ كۆمەڵێک شێوازو ڕێگاو فۆرم هەیە، نادیاری دروست دەكەن، وا لە خوارەوە هەندێكیان دەخەینەڕوو:

**٢ـ١: بەهۆی فۆرمەكانی نادیاری:** فۆرمەكانی نادیاری لەزمانی كوردیدا بۆ دوو جۆر دابەشكراوە، ئەوانیش بریتیین لە جێناوی نادیار و ئاوەڵناوی نادیار.

**٢ـ١ـ١: جێناوی نادیار:** كە لەڕووی زاراوەوە، زمانزانە كوردەكان لەبری جێناوی نادیار زاراوەكانی تری وەک (نەناس، موبهەم، نەبناڤ كری، نەكفش، نەپەندی)یشیان بۆ بەكارهێناوە. (صادق بهاءالدین ئامێدی: ١٩٨٧، ٢٦٣)، بەچەند شێوەیەک پێناسەكراوە، وا لە خوارەوە هەندێكیان دەخەینەڕوو:

(جێناوی نادیار، جێناوێكە لەبری ناوی نادیار بەكاردێت و شوێنیان لە ئاخاوتندا دەگرنەوە، ئەم جۆرە جێناوە، كەس و شت و شوێن دەگرنەوە. ئەو جێناوانە بۆ كەسی نادیار بەكاردێن، بریتیین لە (فلان، كەس، هین، گشت، هەموو،... هتد). جێناوەكانی وەكو (هین، گشت، هەموو) بۆ كەس و شت و شوێن بەكاردێن (ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤، ٦٩).

((جهناڤێ نەناس (نادیار ـ مبهم) (indefinite pronoun) ئەو جهناڤە یێ كو جهێ كەسەكی یان تشتەكی خومالی ناگرنەڤە)) (صادق بهاءالدین: ١٩٨٧، ٢٦٣).

جێناوی نادیار ئەو وشەیە، كە لەبری ناوی مرۆڤێک یان گیانلەبەرێک یان هەر شتێكی تر بەكاردەهێنرێت، كە ئەو ناوە بە ئاشكرایی دیار نییە، كە كێیە یان چییە؟ وەكو (هەموو، خڕ، هەمیا، هندە، كابرا، چ، تو، وانەک، هەرامە، كەس، زۆر، یەكێک،...) (لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە: ٢٠٠٧، ٥٤).

لەڕووی پێكهاتنەوە جێناوە نادیارەكان دوو جۆرن:

أ ـ سادە، وەک: (كەس، چەند، بێهڤان، هن، هین،... هتد).

ب ـ ناسادە: (هەركەس، چوكەس، نۆكەس، فلان تشت،... هتد).

ئەم جێناوە نادیارانە لەناو ڕستەدا، ئەركی جیا جیا دەبینین، وەک:

بكەر: كابرا هاتەوە.

نیهاد: هین زیرەكە. / چو هیڤی نییە

بەركار: مە هەڤ دیت بازاڕی.

تەواوكەر: ئەمە كابرایە.

دیارخەر: كوڕی هین بە یەكەم دەرچوو.

**٢.١.٢: ئاوەڵناوی نادیار (indefinite adjective)**: ئاوەڵناوی نادیار، کە زاراوەکانی تری وەکو (هەڤالناڤێ نەناس، هەڤالناڤێ موبهەم،... هتد)یشی، بۆ بەکارهاتووە، ((ئەو هەڤالناڤە یێ کو ب ڕەخ ناڤی ڤەتێتە دانان (ئاوەڵناوی مویمەم ئەوەیە کە ئەخرێتە پاڵ ناوەوە) ژ بۆ دیارکرن (پێشاندانی) کەسەکی یان تشتەکی (کەسێک یان شتێک) ب ئاوایەکی (بە جۆرێکی) نەنانس (موبهەم) ل کارە)). (صادق بهاءالدین ئامێدی: ١٩٨٧، ٢٩٣).

یان هاوەڵناوی نادیار ((هاوەڵناوێکە، کە جۆرو چۆنییەتی، یان ژمارە و بری ناوەکە بە شێوەیەکی نادیار دەست نیشان دەکات و یا دەخرێتە پێش ئاوەکە یا جێناوەکە، ئەوکاتە پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت، یان دەخرێتە دوای ناوەکە، یان جێناوەکە و ئەوکاتە پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ دەبێت)) (لیژنەیەک ژ وەزارەتا پەروەردێ: ٢٠١٣، ٥٢).

ئاوەڵناوە نادیارەکانیش بە زۆری ئەمانەن: (چەند، وەها، هین، یهڤان، هندە، هۆسا، وەتوف، گەلەک، زۆر، پیچەک،... هتد). بە زۆریش ئاوەڵناوی نادیار دەبێتە دیارخەر، یان تەواوکەری کاری ناتەواو، وەک:

دیمەنی وەهام نەدیوە. / مە دیمەنێ هۆسا نەدیتییە.

چەند پەرتوکێکم کڕی / وان تژێ پەنیر کڕی

سالەکا دی باشتر بخوێنە / هەمی زارۆ چوون بۆ سینەما / برنجەکە زۆر بوو.

**٢.٢: لە ڕێگەی دیاردەی بکەر نادیارەوە: چەمکی بکەر نادیار (المبنی للمجهول ـ passive)** لەهەموو زمانێکدا هەمان شت دەگەیێنێ، کە مەبەست لێی ئەوەیە بکەر لە سیمادا وەکو فۆرمێک دەرناکەوێت لەبەر چەند هۆیەک. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩، ٢٧١).

ئەم بابەتە زۆر باسکراوە، نامەوێ بە درشت و وردی دابچمەوە و هەمووی باسبکەم ((بڕوانە: (فەرەیدوون عەبدوول محەمەد: ١٩٨٨) و (نەریمان خۆشناو: ٢٠٠٧)).

بەشێوەیەکی گشتی لە کوردی ناوەڕاستدا، یاسای گوێزانەوەی ڕستە لە بکەر دیارەوە بۆ بکەر نادیار بریتییە لە:

١ـ بکەر و ئەوەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەبێت لادەبرێ.

٢ـ بەرکار شوێنی بکەر دەگرێتەوە، بەڵام بەرکاری خۆی لەدەست نادات.

٣ـ مۆرفیمی نادیاری (ڕ) دەخرێتەسەر ڕەگی ڕانەبردووی کارەکە، ئینجا ئەگەر کارەکە ڕابردوو بێت ئەوا مۆرفیمی (ا)ی دەخرێتەسەر، ئەگەر داهاتووش بێت (ێ)ی دەخرێتەسەر، وەک:

ئەو گوڵەکەی چاند ← گوڵەکە چێنرا.

ئەو گوڵەکە دەچێنێت ← گوڵەکە دەچێنرێ

لە کرمانجی ژووروشدا، یاسای گۆڕینی ڕستەی بکەر دیار بۆ ڕستەی بکەر نادیار بریتییە لە:

١ـ بکەر و ئەوەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە لادەبرێ.

٢ـ بەرکار شوێنی بکەر دەگرێتەوە، بەڵام لەبەرکاری خۆی ناکەوێت.

٣. بەهۆی مۆرفیمی (ە)ەوە، کاری یاریدەدەری وەک (هاتە، دهاتە، هاتیە، هاتبووە، دهێتە، دێ هێتە) ساز دەکەین و دەیخەینە پێش کارەکە.

٤. کارەکە دەگۆڕین بۆ چاووگەکەی (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١٣، ٢١ ـ ٢٥)، وەک:

ئازادی سێڤ خار ← سێڤ هاتە خارن.

هوون مە دناسن ← ئەم دهێینە ناسین.

یاسای گۆڕینی یان گواستنەوەی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی بۆ بکەر نادیار بەچەند هەنگاوێک دەبێت، وەک:

١. جێناوی لکاوی بەرکاری لادەبرێت.

٢. ڕەگی داهاتووی کارەکە وەردەگیرێ.

٣. مۆرفیمی نادیاری (ر) دەخرێتەسەر ڕەگی کارەکە.

٤ـ ئەگەر کاتی کارەکە ڕابردوو بێت (ا)ی دەخرێتەسەر، بەڵام ئەگەر کاتی کارەکە داهاتووبێت (ێ)ی دەخرێتەسەر.

(وریا عومەر ئەمین) لە کتێبی (لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی)دا، بە درێژی باسی ئەم بابەتەی کردووە (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١٥، ٧ ـ ١٧) بەڵام ئێمە دەمانەوێ بەشێوەیەکی پوختتر و وردتر باسی لێوە بکەین.

یەکەم: لە کاری ڕانەبردووی تێپەڕدا: لەگەڵ ئەم جۆرە کارەدا، تەنیا کۆمەڵەی (م، مان، ت، تان،...) دەبێتە بەرکار:

١ـ ئەگەر بەرکارە ڕاستەوخۆکە باسکرابێت، ئەوا جێناوی بکەری لادەبرێت و جێناوی لکاوی بەرکاری لە کۆمەڵەی یەکەم دەگۆڕێت بۆ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم، وەک:

بانگت دەکەم ← بانگ دەکرێیت (ت ← یت)

دەمان فرۆشن ← دەفرۆشێین (مان ← ین)

٢. ئەگەر بەرکارە ڕاستەوخۆ باس نەکرابوو، بەڵکو بەرکاری ناڕاستەوخۆ باسکرابوو، ئەوا جێناوی بکەری لادەبرێت و جێناوە بەکارە ناڕاستەوخۆکە، وەک خۆی دەمێنێتەوە، وەک:

بۆم دەهێنن ← بۆم دەهێنرێ

بۆمان وەردەگرن ← بۆمان وەردەگیرێ

دووەم: لەکاری ڕابردووی تێپەڕدا: لەگەڵ ئەم جۆرە کارەدا، دەگونجێ کۆمەڵەی (م، مان،...)، (م، یت، ∅ ،...)ێیتە بەرکار. بەم شێوانەی خوارەوە بکەر نادیار لەم جۆرە ڕستانە دروست دەکرێ.

١. ئەگەر کۆمەڵەی (م، مان،...) بەرکاری ڕاستەوخۆبێت و بەرکارەکەش باسکرابێت، ئەوا کە دەکرێتە بکەر نادیار، جێناوی بەرکاری لە دەستەی یەکەمەوە دەگۆڕێت بۆ دەستەی دووەم، وەک:

ناردمانی ← نێردراین. (مان ← ین)

بانگمانیان کرد ← بانگکراین (مان ← ین)

وەریانم گرت ← وەرگیران (یان ← ن)

٢ـ ئەگەر کۆمەڵەی یەکەم بەرکاری ڕاستەوخۆبێت، بەڵام بەرکار ڕاستەوخۆکە باس نەکرابێت، بەڵکو بەرکاری ناڕاستەوخۆ باسکرابێت، ئەوا:

أ ـ ئەگەر بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لە کۆمەڵەی یەکەم بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ وەکو خۆیی و لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، وەک:

بۆتم هێناوە ← بۆت هێنراوە.

بۆمانی وەرگرت ← بۆمان وەرگیرا.

ب ـ ئەگەر بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لە کۆمەڵەی دووەم بێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵەی یەکەمەوە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵەی دووەم، وەک:

بۆمان ناردن ← بۆیان نێردرا (ن ← یان)

بۆت وەرگرتین ← بۆمان وەرگیرا (ین ← مان)

٣ـ ئەگەر جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم بەرکاری ڕاستەوخۆ بێت و باسیش کرابێت، ئەوا جێناوە لکاوە بەرکارەکە هیچ گۆڕانەکی بەسەردا نایەت و لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، وەک:

وەری گرتین ← وەرگیراین

نەیان کوشتیت ← نەکوژرایت

٤ـ ئەگەر جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم بەرکاری ڕاستەوخۆ بێت، بەڵام باس نەکرابێت، بەڵکو لەبری ئەو بەرکاری ناڕاستەوخۆ باسکرابێت، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵەی دووەمەوە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵەی یەکەم و دەچێتە دوای ئامرازە پەیوەندییەکە، وەک:

بۆم هێنانەوە ← بۆیان هێنرایەوە (ن ← یان)

بۆیان وەرگرتین ← بۆمان وەرگیرا (ین ← مان)

**٢.٣: بەهۆی بەشەکانی ئاخاوتنەوە:** زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕستەو دەقدا، لە هەندێ باردا، نادیاری دروست دەکەن، وا لە خوارەوە هەندێک لەو بارانە دەخەینەڕوو:

١ـ بەهۆی بەشە ئاخاوتنی ناو:

ئازاد هاتەوە. (لەم ڕستەیەدا، (ئازاد) تەنیا لای قسەکەر و گوێگر دیاریکراوە، بەڵام لای کەسانی تر نازانرێ (ئازاد) کێ یە؟ بۆ نموونە ئازادی برامە؟ ئازادی مامۆستایە؟، ئازادی هاوڕێمە؟...) هەروەها ئەوە دیار نییە، کە ئازاد کەی هاتۆتەوە؟، لە نوێ هاتۆتەوە،... هتد.

هەزارو حەوسەد و پەنجاو نۆ منداڵی ئێزیدی بێ دایک و باوک بوون (لەم ڕستەیەدا، دیار نییە منداڵەکان چەندیان کچن و چەندیان کوڕن، هەروەها هۆی بێ دایک بوون و باوک بوونەکەش دیار نییە.

کوڕێک یەکەم بوو. (لەم ڕستەیەدا، (کوڕێک) کە لە (ناو + ێک) پێکهاتووە، نازانرێ کێیە؟)

دوژمن پۆلێک پێشمەرگە شەهید دەکات.

نادیارە نادیارە (چەندن؟)

٢- ئاوەڵکار و ئاوەڵگوزارە: فۆرمەکانی وەک (پێش، بەمنزیکانە، بەمزوانە، چەند رۆژێکی تر، لەدوای ڕاپەڕینەوە، جاران،... هتد).

پێش ڕووداوە هاتەوە. ((لەم ڕستەیەدا، وشەی (پێش) نادیاری دروستکردو، چونکە نازانین (پێش) کەیە؟))

چەند ڕۆژێکی تر دەچمە زاخۆ. / لەوێ دەکوژرێن و لێرەش ئەنفال دەکرێن

دیارنییە چەند رۆژە؟ نادیارە نادیارە

٣- وشەی چەندێتی: (چەند، چەندین،...)

دوژمن چەند پێشمەرگەیەک شەهید دەکات. ((وشەی (چەند) نادیارە و نازانرێ ژمارەی پێشمەرگەکان چەندن).

٤- ئاوەڵناو:

نمرەیەکی باشم هێناوە. ((لەم ڕستەیەدا، (باش) نازانرێ چەندە؟)).

٥- ڕادە: هەندێک هاتوون. / باران زۆر باریوە.

نادیارە نادیارە

٦- ژمارە: نیوەی قوتابییەکان هاتوون. / چوار پێنج قوتابی نەهاتوون.

دیار نییە چەندن دیار نییە چەندن

٧- ژمارە و وشەی (ئەوەندە، قسور،...) بیست و ئەوەندە قوتابی هاتوون

نادیارە

٨- جێناو: هەموو جۆرەکانی جێناو، لە هەندێ باردا، نادیاری دەگەیەنن، وەک:

خوا بیان گرێت. (یان) دیار نییە کێن؟

ئەوانە بکوژن. (ئەوانە) دیار نین کێن؟

خۆی هات. (خۆی) ڕاستە کەسی سێیەمی تاکە، بەڵام نازانرێ کێیە؟

ئەوانەی مامۆستاکەیان کوشت، هەڵاتن. (ئەوانەی) نازانرێ کێن؟

٢-٤: بەهۆی بەدیارنەکەوتنی فۆرمەکانی دانەکانی زمان. (لە بەشی یەکەم و لە (١-١) باسکراوە.

٢-٥: هەندێ وشە کە گومان دەگەیەنن، وەک: ڕەنگە، لەوانەیە،... هتد، وەک: ڕەنگە بچمە زانکۆ. (دیار نییە ئایا دەچێ بۆ زانکۆ یان نا).

٢-٦: بەهۆی لاوازی ڕادەی ڕۆشنبیری: لە زۆر باراندا، قسەکەر بەهۆی نەبوون و نزمی ڕادەی ڕۆشنبیرییەوە، ڕستەو دەربڕینی وا دەردەبڕێت، کە نادیاری تێدا دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕستەیەکی وەک (قەلای هەولێر کۆنترین قەلایەوە) بکەین، دەبینین ڕستەکە نادیاری تێدایە، چونکە هەڵە لە دەربڕیندا هەیە، لێرەدا، ئەگەر کەسی قسەکەر ڕۆشنبیر بووایە، دەبووایە بیزانییایە، کە قەلای تر لە جیهاندا هەیە لە قەلای هەولێر کۆنترە، واتە ئاگای لە قەلاکانی جیهان نییە.

٢-٧: بەهۆی نەبوونی واتای هەندێ وشە بەسەربەخۆیی، وەک: (واز، فرێ، نقووم،... هتد).

٨.٢: بەهۆی بوونی وشەی بێگانە یان بەهۆی وەرگێڕان و لەبەرنوسینەوە و لاسایکردنەوە.

٩.٢: بەهۆی دیاردەکانی وەک هاوبێژی و فرە واتایی.

٢ـ١٠: بەهۆی بوونی واتای شاراوە (واتای پراگماتیکی): زۆرجار لە ڕستەو دەقدا، جگە لە واتای ئاشکرا ڕستە، واتایەکی تری نائاشکرابوونی دەبێت، دەکرێ بەو جۆرە واتایە بوترێ واتای شاراوە، کە لە دەقەکەدا هەڵدەهێنجرێ و یەکسان نییە بە واتای وشەکان و ڕستەکان. ئەم جۆرە واتایە پەیوەستە بە دەوروبەرو زانیاری هاوبەشی نێوان قسەکەر و گوێگرو هەروەها پەیوەستە بە کات و شوێن و کەلتوورەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری دەقێکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین:

أ ـ لە تاقیکردنەوەی توانستی ئینگلیزی دەرچوویت؟

ب ـ نێو چەوانم سێزدەیە.

لێرەدا وەڵامی (ب) زۆر ڕوون نییە و زیاتر پەیوەستە بەکەلتوورەوە و مەرج نییە هەموو کەسێک لە مەبەستی گوێگر بگات.

١١.٢: بەهۆی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری: مەبەست لە بنەماکانی هاریکاری، ئەو بنەمایانەیە کە هاریکارە لە پرۆسەی تێگەیشتندا، لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، بەپێی ئەم بنەمایانە دەبێت جۆرو چۆنییەتی و شێوازو بڕی زانیاری بەشێوەیەکی ئاسایی ببێت و نەبەزێنرێ.

(با گوتنەکە هێندەبێت و لە شوێن و کاتی خۆیدا بێت و بەو جۆرە بێت، کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت.) (Crice: ١٩٧٥, ٤٥).

هەر کاتێک ئەم بنەمایانە بەزێنران جا بەزاندنەکە بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست بێ، ئەو نادیاری و ناڕوونی دێتە ئاراوە، وەک ئەو نموونانەی خوارەوە.

بینیم کە شیلان و کوڕێکی مامۆستا بەیەکەوە بوون.

لەم دەقەدا، بنەمای شێواز بەزێنراوە، چونکە واتاکەی ڕوون نییە و لە دەقەکەدا تەمومژی هەیە و ئەو دەقە دوو واتا لەخۆ دەگرێت:

١ـ بینیم کە شیلان و کوڕێک کە مامۆستایە بەیەکەوە بوون.

٢ـ بینیم کە شیلان و کوڕێک لە کوڕەکانی مامۆستا بەیەکەوەبوون.

أ ـ لە تاقیکردنەوە دەرچوویت؟

ب ـ کەشناسی دەڵێت، بارانێکی باش بەڕێوەیە.

لەم دەقەشدا، بنەمای پەیوەندی بەزێنراوە، وەڵامی (ب) هیچ پەیوەندی بە ئاخاوتنەکەوە نییە و ناڕوونی و نادیاری دروستکردووە.

(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دارا حمید محمد: ٢٠١٢، ١٣٠ ـ ١٣٣).

یان کاتێک قسەکەر (کەسی یەکەم) باسی بابەتێک لەگەڵ گوێگر (کەسی دووەم)دا دەکات و حەز ناکات کەس بە بابەتەکەیان بزانێت، بەڵام لە پڕ کەسێکی تر (کەسی سێیەم) دێتە لایان و دەیەوێت خۆی بکات بە بەشێک لە گفتوگۆیەکە، جا قسەکەر (کەسی یەکەم) بۆ ئەوەی کەسی سێیەم بە بابەت و باسەکەیان نەزانێت، ئەوا لەپڕ بابەتەکە دەگۆڕێت و بنەمای پەیوەندی

هاریکاری دەبەزێنێت و نادیاری و ناڕوونییەک دروست دەکات. تاکو کەسی سێیەم بە بابەت و باسەکەیان نەزانێت.

٢-١٢: بەهۆی دیاردەکانی وەک (ڕەمز)، (تابوو): ئەم دوو بابەتە لە بەشی یەکەم باسکراوە. ((سەیری (١-٨) و (١-٩) بکە)).

٢-١٣: بەهۆی ئاماژە کارەکان: ئاماژەکارەکان (نیشانە پراگماتیکییەکان) ئەو مۆرفیم و وشانەن، کە زمان و دەوروبەر لەگەڵ یەکتر گرێدەدەن و ئاماژە بە کات و شوێن و کەسانی گوتن دەکەن، بەڵام ئەگەر دووبوون لە دەوروبەر ئەوا واتایەکی تەمومژاوییان دەبێت و نادیاری دروست دەکەن (هۆگر مەحمود فەرەج: ٢٠٠٠، ٦) یان بە واتایەکی تر، واتای ئاماژەکارەکان لە گۆڕاندایەو هەر جارەی ئاماژە بە کەسێک یان شتێکی جیاواز دەکەن یان هەر جارەی ئاماژە بە کاتێک یان شوێنێکی جیاواز دەکەن، وەک:

١. ئاماژە کەری کەسی:

ئەو هات. ((فۆرمی (ئەو) لەوانەیە (ئازاد) یان (نەوزاد) یان... هتدبێت))

ئەوەم دەوێت. ((فۆرمی (ئەوە) لەوانەیە (گوڵ) یان (قەلەم) یان... هتد بێت)).

٢. ئاماژەکەری کات:

ئەمڕۆ میوانەکان دەگەن. ((بەپێی کاتی قسەکردنەکە وشەی (ئەمڕۆ) کاتی جیاجیا دەگەیەنێت، ئەگەر قسەکردنەکە ئێستا بێت، ئەوا (ئەمڕۆ) بە واتای (ئەمڕۆژە) دێت، بەڵام ئەگەر قسەکردنەکە (دوێنێ) کرابێت، ئەوا (ئەمڕۆ) بە واتای (دوێنێ) دێت،... هتد.

٣. ئاماژەکەری شوێن:

ئێرە خۆشە. ((وشەی (ئێرە) لەوانەیە (هەولێر، زاخۆ، دهۆک،... هتد)بێ)).

٤. ئاماژەکەری ناسیاوی (دکە):

شاییەکە هەینی دەبێت. ((تەنیا قسەکەر و گوێگر دەزانن کام شاییە. (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠، ٧٩).

٢-١٤: بەهۆی بابەتە ڕەوانبێژییەکان: بابەتە ڕەوانبێژییەکانی وەک: (خوازە، خواستن، درکە، توانج پۆشی،... هتد) لە زۆربەی بارەکاندا نادیاری دروست دەکەن (بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بابەتە ڕەوانبێژییەکان بڕوانە: أ - (عەزیز گەردی: ٢٠٠٠). ب - (پیتەر هالبێرگ و ئەوانی تر: ٢٠١٠).

دروستبوونی هەندێ میتافۆر (خوازە و خواستن) لە ئەنجامی ئەوەوە دێ، لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی، یان ڕامیاری، یان ئایینی، قسەکەر / نووسەر نایەوێ بە زەقی و بە ئاشکرایی و بەڕاشکاوی خۆی لە هەندێ لایەنی واتای کەرەسەیەک بدات، بەڵکو بەشێوەیەکی نائاشکراو ناڕوون باسیان لێوە دەکات، ئەم شاردنەوەیە، بە زۆری لە باسی نەخۆشی و جنس و هەندێ لایەنی تردا دەبینرێ، وەک:

چاو لەدەر
دڵ تەڕە
دەست بەئاو دەگەیەنێت
لە دەردەکەیەتی (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠، ٩٠).
ئەڵێن، ساڵێک دوانزە مانگە
من مانگم دی، چواردە ساڵە (یوانی پیرەمێرد: ، ).

عوشەی (مانگ) لە نیوە دێری دووەمدا، خواستنەو نادیاری دروست کردووە.
یان بەهۆی پۆشینەوە نادیاری دروست دەبێت، وەک ئەم نموونەی خوارەوە:

گەرچی فەقیر و موفلیسە شێخ مامە صالحم
نەمدی کەسێ وەکو ئەو صاحێبی کەرەم
میوانی بووم نان و کەرەی نایەبەر دەمم
ئێستاش بەبێ موداهەنە مەمنوونی ئەو کەرەم
(موکەڕەم تاڵەبانی: ٢٠١٠، ٧٥).

لێرەدا (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دەزانێ مەبەستی لە (مەمنوونی ئەو کەرەم) چییە؟ بەلام لای کەسانی تر لەوانەیە نادیاربێت.

## ئەنجامەکان

١. نادیاری، بەکارهێنانەکی ناڕوونی زمانە. دەگونجێ بە مەبەست بێ و دەگونجێش بێ مەبەست بێت، بەلام بە زۆری بە مەبەستە.
٢. زۆربەی نادیارییەکان بەهۆی واتاوە دروست دەبن.
٣. لە زۆربەی کاتەکاندا، قسەکەر بەهۆی ترسەوە یان بۆ شاردنەوە پەنا بۆ بەر دیاردەی نادیاری دەبات.
٤. ئەوەندەی من ئاگاداربم، هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆ بەزمانی کوردی تاکو ئێستا لەسەر ئەم بابەتە نەکراوە.
٥. نادیاری بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری هەیە، جۆرێکیان دەکرێ بزانرێ و نادیارییەکە نەمێنێت، جۆرەکەی تر ناکرێ بزانرێ و ناکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ.
٦. زۆربەی زمانزانە کوردەکان دیاردەی تەمومژی و دیاردەی نادیاریان تێکەڵکردووە.

# سەرچاوەکان

یەکەم: بە زمانی کوردی

١. ئاڤێستا کەمال مەحمود (٢٠١٥)، ڕاڤەکردنی تاوانەکانی زمان لە چێوەی پەیپێبردنە زمانییە دادوەرییەکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٥).

٢. ئەحمەد کاکە مەحموود (٢٠١٢)، تەفسیری ڕامان لە واتاو مەبەستی قورئان، چاپی سێیەم.

٣ـ بەختیار عەلی (٢٠١١)، لە دیارەوە بۆ نادیار، بەرگی دووەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٤ـ بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

٥. پیتەر هالمبێرگ و ئەوانی تر (٢٠١٠)، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و: ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٦ـ دارا حمید محمد (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لەڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردە ـ کەلار، سلێمانی.

٧. ڕزگار کەریم (٢٠١٠)، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی ـ کوردی)، جل اول و دوم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارەت، تەهران.

٨. ڕەفیق شوانی (٢٠١٤)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای هەواڵ، کەرکووک.

٩ـ صادق بهاءالدین ئامێدی (١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی ـ کرمانجی یا ژۆریێ و ژێری یا هەڤبەرکرن، چاپا یەکێ، بەغدا.

١٠. صباح رشید قادر (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرە واتایی لە (گیرەک)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

١١. فەرەیدون عەبدوول محمد (١٩٨٨)، نادیاری ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردیە لە نێوان دوو زاری کوردی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

١٢ـ عەزیز گەردی (٢٠٠٠)، ڕەوانبێژی ـ بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٣. کامەران ئیبراهیم مشەختی (٢٠١١)، سیمۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، چاپا ئێکێ، چاپخانەیا: خانی / دهۆک.

١٤ـ لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠٠٧)، زمان و ئەدەبی کوردی ـ پۆلی چوارەمی ئامادەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارام ـ بەغدا.

١٥. لیژنەیەک ژ وەزارەتا پەروەردێ (٢٠١٣)، زمان و ئەدەبێ کوردی ـ بۆ پۆلا دەهێ ئامادەیی، چاپا دووێ، چاپخانا المستقبل ـ لوبنان.

١٦. موکەڕەم تاڵەبانی (٢٠١٠)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٧ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو (٢٠٠٧)، بکەر نادیار ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، سەنتەری ڕوناکبیری هەتاو، هەولێر.

١٨- هۆگر مەحموود فەرەج (٢٠٠٠)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.
١٩. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر.
٢٠. وریا عومەر ئەمین (٢٠١٣)، سیستەمی راناو لە بکەر نادیاری کرمانجی ژووروودا، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە (٢٧)، هەولێر.
٢١. وریا عومەر ئەمین (٢٠١٥)، لە قوژبنەکانی ڕێزمانی کوردی، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
دووەم: بە زمانی عەرەبی
٢٢. ابن کثیر (١٤٠٧ هـ)، تفسیر القران العظیم، دار الفکر للطباعة والنشر.
٢٣. حنیف بن حسن القاسمی(؟)، تفسیر مبهمات القران، المجلد الاول، دار الغرب الاسلامی.
٢٤. سعدی سعدون سرتیب (٢٠١٢)، دلاله الابهام والوضوع عنده الاصولین، رسالة الماجستیر، جامعهة صلاح الدین، کلیه اللغات، أربیل.
٢٥ـ صدیق احمد مالک (١٤٢٦ هـ)، المبهم فی القران الکریم وأثره فی التفسیر، (http://webcache.googleusevcontent.com) .
سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی
٢٦- Grice. H. P. (١٩٧٥), Logicand conversation, in colo and morgan.
٢٧- Richds, C. J and Schmidt. (٢٠١٠), Longman Pictionry of Longnge tenching Applied Linguistics, Edinburgh.
٢٨- Plat. Stanford.edu (ئەنتەرنێت)

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە، کە بە ناونیشانی (چەمکەکانی نادیاری لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ ناساندنی بابەتێکی گرنگی زمان، کە لە زمانی کوردیدا زۆر بە کەمی باسکراوە، ئەویش بابەتی (نادیاری)یە، کە زۆرجار بە هەڵە لەگەڵ تەمومژی (لێڵی) تێکەڵکراوە.

باسکردنەکەش زیاتر لەڕووی ڕستەسازی و واتاسازییە، چونکە ئەم دیاردەیەی زمان یان بەهۆی فۆرمەوە دروست دەبێت، یان بەهۆی واتاوە دروست دەبێت.

توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا باس لەم بابەتانە کراوە: (زاراوە و چەمک و پێناسەی نادیاری) هۆکارەکانی پەنابردنەبەر نادیاری، جۆرەکانی نادیاری، سوودی نادیاری، جیاوازی نێوان نادیاری (Vagueness) و تەمومژی (Ambiguity)، نادیاری و ڕەمزی نادیاری و تابوو).

لە بەشی دووەمیشدا، بە درێژی باس لە ڕێگاکانی دروستبوونی نادیاری کراوە.

## الخلاصة

إن هذا البحث الذى بعنوان (مفاهيم الابهام فى اللغة الكردية) عباره عن جهد ميذول لتعريف موضوع لغوى مبهم والذى لم تنتطرق اللغة الكردية اليه الا قليلا، وهذا الموضوع الابهام والذى يتم خلطه كثيرا مع موضوع الغموض وان الحديث عنه يكون غالبا من الناحية النحوية والدلالية وذلک لان هذا الظاهرة اللغوية يتشكل اما عن طريق اشكال والكلمه، او عن طريق المعنى.

يتكون هذا البحث من جزئين: يتحدث الجز الاول عن (مصطلع ومفهوم الابهام، العوامل الذى يؤدى إلى الابهام، أنواع الابهام، الفرق بين الغموض والابهام، منافع الابهام، الابهام والرمز، الابهام والتابوو.

يتناول الجز الثانى طرق صياغة الابهام بالتفصيل، وفى الختام يأتى الأستنتاج معه قائمة بأسماء المصادر.

## Abstract

This study which is entitled “The concept of vagueness in Kurdish” is an effort through which a significant linguistic topic which is rarely identified. That is, “Vagueness” is a topic which is very often mixed with ambiguity. This topic has been very often dealt with syntactically and semantically because this linguistic phenomenon is either formed by means of the from and the word or by the means of the meaning.

The study is divided into two parts. The first part talks about (the concept and the term of vagueness, the factors beyond vagueness, types of vagueness, the advantages of vagueness, the difference between vagueness and ambiguity, vagueness and symbol, and vagueness and taboo) whereas the second part revolves around the ways of vagueness formation in detail. At the end, the conclusion and the list of references are displayed